# مردنی زمان

پێشکەشکەری سیمینار: د.نەوزاد ئەنوەر عومەر
بەشی زمانی کوردی
بەرواری پێشکەشکردن:١٠/١/٢٠١٧
E-mail: nawzad.anwer@ koyauniversity.org
semenar cod:FEDU.SE178394

# مردنی زمان

مردنی زمان: لەمێژودا هەمیشەدیاردەی مردنی زمان هەبوە،زمانەکان و لەناوچونیان بوە بەدیاردەیەکی بەرچاو،لەهەمانکاتدا هەندێک لەزمانەکان کەبەژمارە زۆرکەمن لەپێشکەوتنێکی زۆرگەورەدان ، هەتادێت ژمارەی قسەپێکەریان زۆردەبێت،لەبەرامبەر ئەوەشدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەزمانانی تر ،کەئاخێوەرانیان بەژمارە کەمن مەترسی لەناو چونیان لەسەرە.ئەمرۆ لەجیهاندا ژمارەی زمانەکان نزیکەی حەوت هەزار زمان دەبێت.چاوەڕێدەکرێت تاسەدەی داهاتو نیوەیان زیاتر ڕوبەڕوی مەرگ ببنەوە.

# مردنی زمان چییە

مردنی زمان یان لەناوچونی زمان بەوزمانە دەگوترێت،کەدواکەس یان قسەپێکەری ئەوزمانە بمرێت،ئەوزمانانەی کەهێشتالەناو نەچون وژمارەی قسەپیکەرانی زۆر کەمبۆتەوە و مەترسی لەناوچونی لێدەکریت،بەڵام کاتێک زمان لەلایەن دایک وباوکەوە ناگوێزرێتەوە بۆمندالْەکانیان،ئەوەی دواتر چیتر بەوزمانەی خۆی نادوێت و زمانێکی باڵادەست وەک زمانی یەکەم قبولْدەکەن،واتە زمانەکە بەڕێوەیە بۆمردن،هەرکاتێک زمان گەیشتە ئەوقۆناغەی ئەوانەی قسەی پێدەکەن لەتەمەنن و ژمارەی بەکاربەرانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمدەبێتەوە،تادواکەسی ئەوزمانە کۆچیدوایی دەکات و زمانەکەش لەگەڵ خۆی سەردەنێتەوە.

# ژمارەی زمانەکانی جیهان

نزیکەی حەوت هەزار زمان لەجیهانداهەیە،بەڵام زمانەکان و دیالێکتی زمانەکانیش بەزمان دانراون،چونکە هەرلەهجەیەکیش ئەگەر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وکلتوری بۆ بڕەخسێت دەتوانێت ببێت بەزمانێکی سەربەخۆ.زمانەکان بەیەکسانی لەجیهاندا دابەش نەبوین.

قاڕەی ئاسیا ڕێژەی ٣٤%و ئەفریقیا ٣١%و هەردو ئەمریکا ١٤%و ناوچەی ئۆقیانوسی ئارام١٨%و ئەوروپا ٣%،کەمترین ڕێژەی زمانی تیدایە،ئەم کیشوەرە لەوانیتر دوچاری لەناوچونی زمان بۆتەوە،ئەمەش هۆکاری سیاسی وئابوری هەیە.

# ڕەوشی لەناوچونی زمانەکان

دانیشتوانی جیهان نزیکەی حەوت ملیارە، ٢.٤ ملیار خەڵک تەنیا بە هەشت زمانی گەورەی دنیا قسەدەکەن،کە چینی وئیسپانی وئینگلیزی وبنگالی وهیندی وپورتوگالی و ڕوسی و ژاپۆنیین،ئەگەر ئەڵمانی وفەرەنسی وبەنجابی و ئیتاڵی و کۆڕی بخەینەسەردەبنە ٣.٢واتە نیوەی دانیشتوان بەو بیست زمانە قسەدەکەن.

بەتەنها لە پاپوانیوگینیا زیاتر لە ٨٥٠زمان هەیەلەئەندەنوسیا نزیکەی ٦٧٠زمان هەیە،کەچارەکی زمانەکانی جیهانە ،ئەگەر حەوت وڵاتی تری بۆزیادبکەین (نەیجیریا٤١٠،هیندستان٣٨٠،کامیرۆن٢٧٠،ئوستراليا ٢٥٠، مەکسیکۆ٢٤٠،زائیر٢١٠،بەرازیل ٢١٠)،کەبەهەمویان دەبن بە٣٥٠٠ زمان واتە نیوەی زمانەکانی جیهان.

- ئەوزمانانەی هەڕەشەی مردنیان لەسەرە ئاخێوەرانیان بەژمارە زۆر کەمن،لەناو ژمارەی ئەو زمانە بچوکانە ٥٠٠زمان ژمارەی قسەپێکەرانیان لە١٠٠کەس کەمترە،نزیکەی ١٥٠٠زمانیان ژمارەی ئاخێوەرانیان لە١٠٠٠کەس کەمترە، ٣٣٤٠زمان ژمارەی قسەپێکەرانیان لە ١٠٠٠٠کەس کەمترە،ئەمانە زۆربەی ئەزمانانەن لەناوچە خولگەییەکانن لەکیشوەری ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای باشورن.
- مردنی زمانەکان زۆرخیراترە لەڕێژەی لەناوچونی هەندێک جۆری گیاندارو ڕوەک،ڕێژەی لەناوچونی باڵندە١١%یە،گیاندارە شیردەرەکان ١٨%،ماسی ٥% ،ڕوەک ٨%،بەڵام ڕێژەی لەناوچونی زمان ٤٠% ە.

# شێوەی مردنی زمانەکان

- ئاستەکانی مەترسی لەناوچونی زمانەکان بەمشێوەیە:
- ١-بۆی هەیە لەمەترسیدابێت: ئەزمانانەن کەلەوڵاتەکانی خۆیان ئعتیباریان کەمە،لەڕوی ئابورییەوە بێبەشبوە،لەفەزای گشتی لەژێر هەژمونی زمانی دیکەی باڵادەستە،لەلایەن تاکەکانییەوە بەشێوەی پچڕپچڕبەکاردێت،لەبواری پەروەردەش بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەکارنایەت.
- ٢-مەترسی لەسەرە: ئەوزمانەیە کەقسەکەرە زۆرباشەکەی گەنجێکی لەتەمەنە، زمانەکە لەشوێنی ژیانی خۆیی و بەتایبەتی لە قوتابخانە بەشێوەیەکی ناڕێک بۆمنداڵان دەگوێزرێتەوە.
- ٣-زۆر لەمەترسیدایە: ئەوزمانەیە کەقسەکەرە زۆرباشەکەی لەتەمەندایە و لەپەنجاساڵ زیاترە،زمانەکەی دوای چەند نەوەیەک ئیعتیبارو بەهای کۆمەڵایەتی خۆی لەدەستدەدات.

- ٤-بەڕێوەیە بۆمردن:ئەوزمانەیە کەژمارەیەکی کەم لەگروپێکی ئەتنیکی قسەی پێدەکەن و زۆربەشیان بەتەمەن گەورەن.
- ٥-لەناوچوە یان مردوە:ئەوزمانەیە کەهیچ کەس نەماوە قسەی پێبکات.
- ئەوزمانانەی لەدەرەوەی ئەمدۆخانەدان بەزمانی بێمەترسی دادەنرێن،واتە زمانی زیندون و مانەوەیان مسۆگەرە،چونکە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک قسەی پێدەکەن وپشتگیریەکی سیاسی و ئابوریشیان هەیە،وەکو پێویست لەبواری پەروەردەو ڕاگەیاندن بەکاردەهێندرێن.

# هۆکارەکانی مردنی زمانەکان

زمان هەرلەخۆیەوە نامرێت،هەروها زمان وەک بونەوەرێکی زیندوش نییە تەمەنیک لەژیان بەسەرببات و بمرێت،کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی دەبنە ڕێخۆشکەر بۆلەناوچونی زمان. زمان ئەوکاتە مەترسی لەناوچونی لێدەکرێت،کاتێک بەزمانێکی باڵادەست و بەهێزدەورە دەدرێت و گوشار بۆزمانەکە دێنێت و بەرەبەرە بنکۆڵی دەکات وجێگەی پێلەقدەکات...،ئەم پڕۆسەیە لەوکاتەدا دەستپیدەکات،کەئاخێوەرانی زمانە بچوکەکە دەبن بەدوزمان، بە زمانەکەی خۆیان قسەدەکەن لەگەڵ زمانە باڵادەستەکە،دواتر نەوەی نوێی زمانە بچوکەکە واز لەزمانەکەی خۆی دێنێت،چونکە لە ڕوی سیاسی و ئابوری و پەروەردەییەوە هیچ ئیعتیبارێکی نییە.

- ١-کارەساتی سروشتی،وەک برسییەتی ونەخۆشی وبومەلەرزەو لافاو تۆفان، کەتییایدا خەڵلک بەژمارەیەکی زۆر دەمرن یان دوچاری کۆچکردن دەبنەوە و زمانەکەشیان پەرتەوازە دەبێت و دەمرێت.
- ٢-شەرو کۆمەڵکوژی.
- ٣-سەرکوتکردن وچەوساندنەوەی خەڵک وزمانەکەیان، لەپێناو یەکێتی نیشتمان.
- ٤-زالْبونی کولتوری وسیاسی وئابوری،ئەم خالْەش بۆچەندخالْی تردابەشدەبێت:
- ا-ئابوری،وەک بڵاوبونەوەی برسییەتی وهەژاری لەناوچەگوند نشینەکان و ناچاربونیان بەکۆچکردن، کەبەمەش ئاخێوەران پەرتەوازەدەبن و زمانەکەشیان وندەبێت.
- ب-باڵادەستی کلتوریی لەلایەن زۆرینەی دانیشتوان،وەک خوێندن وپەروەردە بەزمانی نەتەوەی سەردەستە،زمانی نەتەوە بچوکەکان تەنهابۆ قسەکردن و

- ٦-هەڵویستوەرگرتن،وەک تێروانینی زمانی کەمینەکان بەنەخوێندەواری و برسییەتی وقاتوقڕی،بەڵام زمانی سەردەستە بەپێشکەوتن وشارستانییەت.
- بۆچی گرینگە زمانەکان لەمردن بپارێزرین:
- هەرزمانێک پێناسەی کلتورێکەو ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لەجیهان و دەوروبەر،مردنی زمانەکان لەناوچون و بزربونی فکرو بۆچونە جیاوازەکانە، لەناوچونی شێوەزارە جیاوازەکان لەناوچونی شێوازی ئاخاوتن وئەزمونەکانی مرۆڤایەتییە لەجیهان،زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەرهەمی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانە،پێرستێکی کولتوری ئەوکۆمەڵگایەیە، کەحاڵی حازر ئەو زمانە بەکاردێنێت،زمان هۆیەکی سەرەکییە بۆگواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی، کەواتە زمان ئەمبارێکە مێژوی کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەوکۆمەڵگەیەی تێداکۆبۆتەوە.